### سەلام عەبدوڵڵا لە ماویەوە بۆ مارکسی و ئینجا بۆ نەتەوەیی

# دوو ساڵ لە ناو کۆمەڵە بووم بەشداری هیچ کۆبوونەوەیەکم نەکرد

**جەماوەر-سلێمانی**

کە سەلام عەبدوڵڵا کرایە بەرپرسی لقی چواری پارتی، شاعیر و نوسەرێکی هاوڕێی ئەو، تەلەفۆنی کرد و گوتی بیکەنە هەواڵێک، کە پارتی نووسەرێکی کردۆتە بەرپرسی لق، بەڵام سەلام عەبدوڵڵا لەو دیمانەیەدا ئەوە بە ئاسایی دەزانێ و دەڵێ من پێشتریش سیاسەت و حیزبایەتیم کردووە.

سەلام عەبدوڵڵا لە دایکبووی ساڵی 1948ی کانی ئاسکانی شاری سلێمانییە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و دواناوەندی لە سلێمانی خوێندووە، لە ساڵی 1977 دەستگیر دەکرێ و دەبردرێتە هەیئەی خاسەی کەرکوک، لەوێ هەلێکی بۆ هەڵدەکەوێ و لە زیندان رادەکات و دوای ئەوە دەبێتە پێشمەرگەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، لە ناوەڕاستی هەشتاکان دەچێتە وڵاتی سوید وەک خۆی دەڵێ بۆ چارەسەری، لەوێش بەشی ئێراناسی دەخوێنێ، لە ساڵی 1992 گەڕایەوە کوردستان.

ئەو ئەگەرچی سەروەختێکی لەناو شۆڕش و پێشمەرگایەتی بەسەر بردووە، بەڵام نووسەریشە و چەند کتێبێکی بە چاپ گەیاندووە، بەڵام وەک خۆی دەڵێ سیاسەت و نووسین لای ئەو هاوزەمان بوونە.

سەلام لە ساڵی 1979 دەچێتە ریزی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، کە ئەو رێکخراوە ئەوکات بیروباوەڕی ماوی هەبوو، هۆکاری چوونە نێو کۆمەڵە بۆ ئایدیۆلۆژیاکەی ئەو رێکخراوە ناگەڕێنێتەوە، دەڵێ "لە راستیدا ئەوکات مەسەلەی ئایدیۆلۆژیا زۆر گرنگ نەبوو، مەسەلەکە ئەوە بوو، کێ دەیەوێ موقاوەمە بکات، ئەوانیش ئامادەیی موقاوەمەیان تێدابوو". هەروەها دەڵێ "من کە ئەو دوو ساڵەی لەگەڵ کۆمەڵە بووم، ئەوەندە قووڵ نەبوومەوە لەگەڵیان، لەبەر ئەوەی دەتوانم بڵێم لەو ماوەیە بەشداری کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵەمان نەکرد، زیاتر خەریکی چالاکی پارتیزانی بووین، لەوەی خەریکی مەسائیلی تیۆری بین، بەڕای من لەکاتی خەباتی نیشتمانیدا، پیاو نابێ ئەوەندە لە مەسائیلی تیۆری یان لە مەسائیلی ئایدیۆلۆژی قووڵ بێتەوە، چونکە دوژمن بە یەک چاو سەیرت دەکات".

پەیوەندی سەلام عەبدوڵڵا بە رێکخراوی کۆمەڵەی رەنجدەران تا ساڵی 1984 بەردەوام دەبێت. لەو ساڵەدا ئینشیقاقێک لە نێو ریزەکانی یەکێتیدا روویدا و ئاڵای شۆڕش دروست بوو، سەلام دەچێتە ریزی ئاڵای شۆڕش کە ئەوکات بە (ئاش) ناویان دەهات.

سەلام عەبدوڵڵا لە تورکیاش زیندانی کراوە و رووداوەکانی ئەو زیندانیەشی لە رۆمانێکدا بە ناوی "زیندانی گەڤەر" بڵاوکردەوە، ئەو کە لەو کتێبەدا باسی دەکات، کە لە رووداوی هەکاری بەشدار بووە، ئەو رووداوە کە لە ئەدەبیاتی سیاسی پارتی و یەکێتی ناوی جیاجیای لێنراوە، لە ساڵی 1979 روویدا، کە هێزێکی زۆری یەکێتی لەو شەڕەدا پەرتەوازە بوون و سەلام باسی خۆی دەکات، کە چۆن لە نێو تورکیا خۆی رزگار کردووە، ئەو شەڕە کە پارتی لایەنێکی شەڕەکە بوو، سەلام عەبدوڵڵا پاش 13 ساڵ دەبێتە پارتی "لە ساڵی 1992 بوومە پارتی، بەڵام لە 1985 لەگەڵ سەرکردایەتی پارتیدا، لە راژان و لە زێوە، بە تایبەتی لەگەڵ شەخسی کاک مەسعود پەیوەندیم هەبوو، لە ساڵی 1992 ش هەر لە رێگای ئەوەوە هاتمە ناو پارتی".

پارتی بە درێژایی تەمەنی خۆی، تەنیا چەند ساڵێکی کەمی سەرکردایەتی کاتی لێدەرکەی، بڕوای بەوە نەبووە، ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت هەڵگرێ و بیکاتە چوارچێوەی رێکخستن و تێڕوانینی خۆی، زۆرتر خۆی بە حیزبێکی جەماوەری و نەتەوەیی ناساندووە، بەڵام لە دوای راپەڕینەوە ژمارەیەک کادیر و کەسایەتی کە سەروەختێک هەڵگری ئایدیۆلۆژیای مارکسی بوون، خۆیان خزاندە ناو ئەو حیزبە. سەلام عەبدوڵڵا کە سەرەتا لە رێکخراوێکی ماوی وەکو کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە دەستی پێکردووە و دواتر چۆتە ریزی ئاڵای شۆڕش کە رێکخراوێکی مارکسی بوو، لە دوای راپەڕینەوەش لە نێو پارتیدایە، لە بارەی ئەو گۆڕانکارییە سەلام دەڵێ "پێشتر وتم، کە چوومە ناو کۆمەڵە لەبەر ئایدیۆلۆژیا نەبوو، بەڵکو ئەوکات مقاوەمەتێک هەبوو، ئەوانیش لە هەندێ شوێن دەستپێشخەر بوون، بۆیە تێیدا خەباتمان کرد، بۆ بوونە پارتیش، هەڵوێستە مێژوویی و رۆژانەییەکانی لە خەباتدا دەریخست، کە حیزبێکی راست و نیشتمانپەروەرە، حیزبێکی میانڕەو و دیموکراتیە، قەناعەتێکی دیکەم هەبوو، کە ئەو چەپڕەوییە سوودێک بە گەلەکەمان ناگەیەنێ، بەڵکو پارچە پارچەتری دەکات، بەڵام پارتی وەکو میللەت سەیری مەسەلەکەی دەکرد، وەکو رێکخراوێکی نیشتیمانی کە جێگەی هەموو کەسی تێدا دەبووەوە، لە پیاوێکی ئایینی، تا کەسێکی مارکسی، کەسێکی رۆشنبیر، کەسێکی فەلاح، کەسێکی چەپ، کەسێکی راست لە یەک کاتدا جێگایان دەبێتەوە".

سەلام عەبدوڵڵا کە بووە پارتی، چەند پۆستێکی جیاجیای وەرگرتووە، لەوانە بریکاری وەزیری رۆشنبیری و پارێزگاری سلێمانی لە ئیدارەی هەولێر، ئێستاش بەرپرسی لقی چواری پارتییە. جگە لەو پۆستانە لە راگەیاندنی پارتی بابەتی رەخنەیی لە شێوەی تەنز دەنوسێ، و چەند کتێبێکی هەیە و زۆرجاریش بابەتی رەخنەیی نووسیوە، بەڵام چەند پۆستێکی ئیداری وەرگرتووە، ئێستاش بەرپرسی لقێکی تەنزیمی پارتیشە، ئەو ئەمە بەشتێکی ئاسایی دادەنێ، دەڵێ "من سیاسەتم کردووە و مەسەلەی رۆشنبیریشم پشتگوێ نەخستووە، بەڵام هەر کارێک کە پێویست بێ، من بیکەم بەخۆشحاڵییەوە کردوومە".



## لەناو پارتی لەسەر نوسینە رەخنەییەکانم هێندێ جارگەلەکۆمەکیم لێ دەکرا کە نابێ بنووسم

سەلام عەبدوڵڵا کە هاوکات نووسەرە کە هێندێ جار رەخنەکان ئاراستەی پارتی بوون، سەلام لەبارەی ئەو نوسینانەی دەڵێ "ئسلوبەکەم رەنگە لەبەر ئەوەی تازە بووبێت و هەندێ راستەوخۆ و رەخنەگرانەی توند بوو، بۆیە هەندێ جار گێچەڵی بۆ دروست دەکردین و هەندێ جار خەڵک بۆی قبوڵ نەدەکرا، هەندێ جاریش گەلە کۆمەکیم لێدەکرا و دەیانگوت نابێ بنووسی، بەڵام وردە وردە ئەوەش چەسپا، کە مرۆڤ دەتوانێ لە حیزبێکدا بێت و رەخنەش بگرێت".

سەلام عەبدوڵڵا ئەوکاتەی پارێزگاری سلێمانی بوو، ژمارە تەلەفۆنەکانی خۆی و دائیرەکەی لە رۆژنامەدا ئاشکرا کرد، ئەو هەنگاوەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە "دەبێ بەرپرس پەیوەندی راستەوخۆی بە خەڵک هەبێ و بتوانێ باشتر لە خەڵک نزیک بێتەوە".

ئێستا جگە لە لقی 4 لە سلێمانی، لقی 21یش لە سنووری سلێمانی و لقی 12ش لە هەڵەبجە و شارەزوو کاری رێکخستن دەکەن، سەلام عەبدوڵڵا کە بەرپرسی لقی (4)ە، گوتی کە ئەوان لە کاری خۆیاندا هیچ رێگرییەکیان نەهاتۆتە پێش و لەگەڵ مەڵبەندی یەکێتیش هاوکار و هەماهەنگن بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتنی ستراتیژی نێوانیان و شۆڕکردنەوەی تەبایی سەرەوە بۆ خوارەوە.

**عارف باوەجانی**

# بە بۆچوونی ئێمە لە باتی ئەوەی باس لە یەک کوردستان بکرێت باشتر وایە باس لە 4 دەوڵەتی سەربەخۆ بکرێت



**دیمانە // بشتیوان وەنداوی**

عارف باوەجانی لە دایک بووی 4 ی نەورۆزی 2673 ی کوردییە لە گوندی ( بەرکوڕی ) ناوچەی سەلاسی باوەجانی سەر بە پارێزگای کرماشان، لە تەمەنی 7 ساڵیدا و بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئێران و ئێراق ماڵیان ئاوارەی ئێراق دەبێت، تا ساڵی 1997 لە ئۆردوگای زۆرە ملی ئەڵتاش ی نزیکی پارێزگای ئەلئەنباری ئێراق ژیانی پەنابەری دەباتە سەر،بەڵام لە نێوان ساڵەکانی 1987تا 1991 وەک پێشمەرگە دەچێتە ڕیزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان،لە ساڵی 1997 لەگەڵ بنەماڵەکەی لە ڕێگەی کۆمیسارییای بەرزی پەنابەرانەوە وەک پەنابەرێکی سیاسی دەنێردرێتە وڵاتی نۆرویژ،عارف باوەجانی لە بارەی خۆیەوە دەڵێت "باوەجانی ژیانی خۆشی ئوروپای تەرخان نەکرد بۆخۆی، ئازادی و دیموکراتی ئەم وڵاتانە دەیباتە هزری زیاتری وڵاتەکەی و هەمیشە بە تاسەی ڕۆژێک دەبیێت کە وڵاتە داگیرکراوەکەی بگاتە لانیکەم 50 % ئاستی ئەم وڵاتانە،عارف لە ئازادی کاردن لەم وڵاتەدا لەو هەلە کەڵک وەردەگرێت و بە هەموو توانایەوە بۆنیشتمانەکەی خەریک دەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێ زیاتر خزمەت بە نیشتمانەکەی بکات دەچێتە ڕیزی یەکێک لە پارتەکانی نەرویجی،بۆ ماوەی 4 ساڵیش لە لیستی ئەو پارتەدا ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی ئوسلۆ دەبێت،ئەو ئەزموونەی عارف لە نەرویج دەبێتە هۆکارێک بۆ هاندانی زیاتری کوردەکان لە نەرویج کە خۆیان تێکەڵی پارتە نەرویجییەکان بکەن، بە خۆشییەوە کە ئیستا دەیان کوردی بەرچاو لەو وڵاتەدا بە دی دەکرێت، بۆ هەموو کوردێکی دانیشتووی نەرویج و ڕاگەیاندنە کوردی و بێگانەکان ڕوونە کە ناو براو چەندە بە دەم کێشەکانی پەنابەری کورد بووە لە ئۆردوگای ئەڵتاش وسەرسنوری نێوان ئێراق و ئوردون وتورکیاو باشوری کوردستان و کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سوریاو پەنابەرانی ناو وڵاتی نەرویج، هەروەها بە دەیان کێشەی کوردی گەیاندووەتە ناوپەرلەمان و دەزگاکانی نەرویجی،

بەرهەمی چەند ساڵەی ئەندامەتی لە گەڵ پارتێکی کوردستانی و نزیکەی 5 ساڵیش ئەندامەتی لە حیزبێکی نەرویجی دەکات بە هەوێنی دامەزراندنی پارتێکی نەتەوەیی ونوێخواز بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی ( پارتی سەربەستیی کوردستان )"

*** سەرەتای دامەزراندنی پارتی سەربەستی کوردستان لە ساڵی چەند و لە کوێ دامەزرا ؟**

- پارتی سەربەستیی کوردستان لە 17.2.2006 بەرامبەر بە 28 ڕێبەندانی 2705 ی کوردی لە تاراوگە دامەزرا، هەرچەندکە زۆرمان هەوڵدا کە کۆنفرانسی دامەزراندنەکەی لە خاکی کوردستان بگیرێت بەڵام مخابن ڕێگامان پێنەدرا، پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ ئەوە دانەمەزراوە لە تاراوگە کاروچالاکی خۆی بکات، بەڵام دوای زیاد لە 2 ساڵ هەر بە چاوەڕوانی وڵامی خوشک وبرایانی خاوەن دەسەڵاتمان لە باشور ماوینەتەوە،

لەو ماوە کورتە بە سەر تەمەنی دامەزراندنی پارتیماندا بە سەدان لاوی نیشتمان پەروەری کوردستانی لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وڵاتانی دەرەوە پێوەندیان پێوە کردوین، دەتوانم بڵێم بە خۆشییەوە بەرەو ئاستێکی بەرز دەڕۆین و سەرەڕای دووری لە نیشتمانی داگیرکراومان بەڵام ڕۆژ تا ڕۆژ زیاتر لە نێو خەڵکی کوردستان دەناسرێین،

گۆڕانکاریەکانی ئەم دوایەی جیهان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەت پاش ڕوخانی ڕێژیمی بەعس وهیندێک گۆڕانکاری دیکە لە جوڵانەوەی کوردستان،هەروەها دەنگدانەوەی کێشەکانی کورد لە ڕوانگەی جیهانەوە بە بەرگێکی دیکەوە،بە هەست کردن بە بۆشایەکی نەتەوەیی و سەربەخۆیی خوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمانە هەموو هاندەر بوون کە ئەم پارتە دامەزرێت .

*** بە گشتی پارتە سیاسیە کوردەکان لە ئەوروپا تا چەند هاوکاری یەکترن ؟**

- دیارە هەر چەشنە دۆستایەتیەکی پارتە کوردییەکان لە دەرەوەی وڵات گرێدراوە بە سیاسەتی پارتەکانیان لە ناوخۆی وڵات، ئەگەر پارتێک لە ناوخۆی وڵات کێشەی لەگەڵ لایەنێکی دیکە هەبێت، بێگومان لە دەرەوەش هەر مان ڕەوتە، بەڵام لەدەرەوەی وڵات لە هیندێک بواردا کوردەکان بە خۆشییەوە و بە حەماسەوە پێکەوە هاوکاری دەکەن وبەشداری دەکەن، چەندە پلانی وڵاتانی داگیرکەر بۆ سەر کوردستان هەبووە، وەک پێویست هەڵویستیان گرتووەو لەبەردەم پەرلەمان وسەفارەتەکان ڕێپێوانیان کردوە، ئێستا کە دەوڵەتی تورکیا باس لەوە دەکات کە هێرش بکاتە سەر کوردستان، کوردەکانی دەرەوەی وڵات هەموو سەرقاڵی خۆ ڕێکخستنی ڕێپێوانی مەزنن،بۆ دەرکی پەرلەمانی وڵاتان وسەفارەتی تورگیا لەو وڵاتانە،

*** چ جیاوازییەک بەدی دەکرێت لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژیاو و بەرنامەی پارتی سەربەستی کوردستان لە گەڵ پارتە سیاسیەکانی تری کوردستانی ڕۆژهەڵات ؟**

-جیاوازی ئێمە لەگەڵ هیندیک لە پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شێوە و شوعاری خەبات کردنمانە، ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئیستا خەباتمان دەبێت تەرخان بکەین بۆ سەربەخۆیی، ئەو بەشەی کوردستان جیاوازترە لە بەشەکانی دیکە، ئیستا بۆ نموونە کێشەی کورد لە باشور زۆر جیاوازترە، لە ئێراق 2 نەتەوەیی سەرەکی هەیە کە کوردو عەرەبە،بەڵام لە ئێران 5 نەتەوەی گەورە هەن کە 70 % سەرژمێری ئێران پێک دێنن، هەروەها نەتەوەکانی دیکەی بن دەستی ئێران زۆربەیان خەباتیان تەرخان کردوە بۆ سەربەخۆیی .ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامی نابێتە ئێرانێکی یەکگرتوو بۆ هەمو نەتەوەکان، ئیستا ئەو نەتەوانە سەرقاڵی خۆ ئامادە کردنن بۆ جیابوونەوەیان لە ئێران لە پاش ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامی،بەڵام زۆر لە پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیشتا هەر خۆیان بە ئێرانی دەنزانن، ئێمە دژی ئەوە ڕادەوەستین کە نەتەوەی کورد بە نەتەوەیەکی دێرینی ئیرانی بزانرێت،کورد نە ئێرانییەوە نە ئێراقیە ونە تورکی و نە سورییە ئەو وڵاتانەش با هەر پیرۆزی ئاخوند وعەگاڵ وتورکی شۆفینیستی بێت نەکر کورد،وڵاتی ئێمەو زێدی باوبیرانی هەزاران ساڵەمان کوردستانە دەبێت بە شانازییەوە باس لە کوردستانی بوونی خۆمان بکەین نەک بە ترس و خۆف، ئیتر با بەس بێت ئەوەندە بە بیانوی نەگونجانی هەل ومەرج و دەوروبەرمان خۆمان گچکە نەکەینەوە،

*** ئێوە دژایەتی ئێران بەرامبەر بە کوردەکانی ڕۆژهەڵات جۆن دەبینن؟ کە لە کاتێکدا دەبینرێت بە شێوەیەکی ئاشکرا دژایەتی کوردەکان دەکرێت؟**

- ئێمە بە هەموو شێوەیەک لەهەوڵی ئیدانە کردنی جینایەتەکانی ڕێژیمین لە ناوچەکانی کوردستان،چ بە ڕێگەی ڕاگەیاندنە کوردی و بێگانەکان و چ لە دیدارو چاوپێکەوتنەکانمان لەگەڵ پەرلەمانتان و بەرپرسانی وڵاتانی ئوروپایی وئەمریکایی زۆر بە ڕوونی تیشک دەخەینە سەر دژایەتی کردنی ئەو ڕێژیمە بە رامبەر بە داخوازییەکانی گەلی کورد، لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی ناخۆی وڵات لەو بوارەدا زۆر باس و پرۆژەی گرنگ جێ بە جێ کراوە کە لەوانەیە پێویست نەبێت لێرەدا باسی لەسەر بکەین،

*** یارمەتی دارایی پارتی سەربەستیی کوردستان لە لایەن کێوە دەدرێت ؟**

-لە لایەن ئەندامان و هاوبیران و کەسانی نەتەوەیی و سەربەخۆخوازی کوردستان دەدرێت و زیاتر چاوەڕوانی هاوکاری ماڵی و مەعنەوەی کەسانی نەتەوەیی سەربەخۆ خوازین کە هاوکاری پارتی سەربەستیی بکەن، لە هەر بوارێکدا لە توانایان دایە.

*** ئایندەی یەکبوونی هەرچوار پارچەکەی کوردستان چۆن هەڵەسەنگێنیت ؟**

- من پێم وایە ئیستا باس کردن بۆ کوردستانی یەکگرتوو زۆر ئەرکێکی قورس و دژوارەو کۆسپی یەکجار گەورەی لەسەر ڕێگادایە،لە زۆر بواردا دەرگای خەباتمان لەسەر دادەخات، بە بۆچوونی ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین بە پێی هەل ومەرجی گونجاو بەشەداگیرکراوەکانی کوردستان سەربەخۆیی بە دەست بێنن، ئەگەر هەل و مەرج دوای سەربەخۆیی ئەو بەشانەی کوردستان گونجاو بوو، ئەوە دەبێت ئەو کات پەرلەمانی بەشە رزگار کراوەکانی کوردستان یا ڕاپرسی خەڵک بڕیاری لەسەر بدات، بە بۆچوونی ئێمە لە باتی ئەوەی باس لە یەک کوردستان بکرێت باشتر وایە باس لە 4 دەوڵەتی سەربەخۆ بکرێت، تۆ ئەگەر لە گۆڕەپانی قودرەتی جیهانیدا 4 بیت زۆر بەرچاو تری تا یەک بیت.

***هەڵوێستی پارتی سەربەستی کوردستان چۆنە لە بەرامبەر ئەو هەڕەشەو گوڕەشەی تورکیا بەرامبەر بە خاکی کوردستان بە بیانووی PKK؛**

- هەڕەشەکانی تورکیا شتێکی تازە نییە، لە ماوەی ئەو 16 ساڵەی ڕزگاری خاکی باشور کوردستان هەمیشە تورکیا نگران بووە، حەزی بە چارەی کورد نەکردوە بە ئاشتی و تەبایی بژێت. هەمیشە هەوڵیداوە وکێشەی دروست کردوە،بە تایبەت لەم چەند حەفتەی پێشوودا بە ڕەسمی لە لایەن پەرلەمانی تورکیاوە پەسەند کرا کە هێرش بکرێتە سەر خاکی کوردستان، کە من لەو بڕوایەدام تورکیا ناتوانێ ئەو کارە بکات، تەنیا دەیەوێ بەو هەڕەشەو گوڕەشانەی قودرەتی خۆی بنوێنێ، تورکیا لە قەیرانێکی زۆر دژواردایە،هەر چەند ڕۆژ پێش بوو کە لە کۆنگریسی ئەمریکا قەتل وعامی ئەرمەنییەکانین لە لایەن تورکیاوە وەک جینوسایدی نێونەتەوەیی ناساند، کێشەی چەندین ساڵەی لەگەڵ یۆنان،هەروەها کۆسپەکانی ناو تورکیا وەک پەیڕەوی نەکردنی دیموکراتی وپاراستنی مافەکانی مرۆڤ،بووەتە گرفتی سەرەکی کە نەیانتوانیوە لە یەکێتی ئوروپا بە ئەندام وەربگیرێن ئەمانە هەموو بەشی ئەو قەیرانە دژوارەی تورکیان.

هەڕەشەی هێرشی تورکیا بۆ سەر کوردستان تەنیا دیەوێ بەو جۆرە هەرەشانە شەقامی کوردی تووشی ترس بکات، بۆ ئەوەی ئەو هەرێمە ئاشت و ئازادەی کوردستان کە ڕۆژانە بەرەو گەشەی ئابوری و سیاسی دەچێت،بیکات بە هەرێمکی مەترسیدار و ناخۆش، بە مەبەستی ئەوەش کە دونیایی دەرەوە سەرقاڵی کردنەوەی نووسینگەو قۆنسوڵگەری نەبن لە کوردستان.

وەک هەڵویستی پارتی سەربەستیی کوردستانیش، ئێمە لەگەڵ سێ لایەنی دیکەی کوردستان بانگەوازی هاوبەشمان بڵاو کردوەتەوە لەو بانگەوازەدا هەڵسیتمان ڕوونە، بەڵام ئەگەر ڕێگەم بدەن لە ڕێگەی ئەم وتووێژەشەوە بانگهێشەی گشت هاوڵاتیانی کوردستانیم بکەم،کە لەم ڕۆژە تەنگانەدا بە هەموو گلیی و گازندەیەک بخەینە لاوەو یەکدەنگی وتەبایی لەگەڵ یەک بنۆێنین بەرامبەر بە پلانەکانی داگیرکەرانی کوردستان وبە هەست کردن بە بیری کوردستانی بوون بەرامبەریان ڕاوەستین، بە تایبەت بانگێشەی گشتی کوردستانیان ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم،بەرامبەر سیاسەتی شۆفینیستیانەی دەوڵەتی تورک بۆ سەرباشوری کوردستان بێهەڵویست نەبن،دەستکەوتەکانی باشوری کوردستان بە دەستکەوتی هەموو کوردستان بزانین،لە بەرامبەر دوژمن یەکبوونی وڵاتە پارچە پارچەکراوەکەمان زیاتر نیشان بدەین، دەبێت چاوەڕێی ئەوەش بکەین کە تورکیا کە ئایندەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بێ پلان نابێت، تورکیا زۆر کیشەی بەرچاویش بۆ ئەو بەشەی کوردستانیش دروست دەکات، وەک کێشەی پارێزگای ئورومی ودروست کردنی کێشە لە نێوان تورکە ئازەرییەکانی ئەو پارێزگا لەگەڵ کوردەکان.